چەند فڕۆكەخانەیەكی فەرەنسا بەهۆی گومانی هەبوونی بۆمب چۆكران

ئەمڕۆ پێنجشەممەدەسەڵاتدارانی فەرەنسا و میدیاكانی ئەو وڵاتە باڵاویان كردەوە، بەهۆی گومانی هەبوونی بۆمب لە چواردە فڕۆكەخانەی فەرەنسا، هەشتیان چۆڵ كراون و بەهۆی ڕۆكارەكانیشەوە 130 گەشت هەڵوەشاونەتەوە و ژمارەیەك گەشتی دیكەیش دواخراون.

سەرچاوە فەرەنسییەكان ئاماژەیان بەوە كرد، هەر یەك لە فڕۆكەخانەكانی بڕست، كاركاسۆن، ڕۆن، تارب، بۆردۆ – میرینیاك، بۆزییە، مۆنپەلییە و نانت چۆڵ كراون و گەشتەكانیان هەڵوەشاندراوەتەوە.

بەڵێوەبەرایەتی گشتی فڕۆكەوانی مەدەنی فەرەنسی لە راگەیەندراوەكدا جەختیكردووەتەوە، لەناو فڕۆكەخانەكان زەنگی ئاگاداركردنەوە لە دراوە و گومانەكان لەسەر هەبوونی بۆمب لە هەر یەكێك لەو فڕۆكەخانانەدا بەهەند وەرگیراون، بەتایبەت فڕۆكەخانەی نانت دووجار زەنگی ئاگاداركردنەوەی لە داوە.